# سنور

**نیاز عەبدوڵڵا**
niyaz_abdulla6@yahoo.com



**کە ملوانکەی سنور خرایە گەردنی**
**خەونەکانمان**
**بڕیاردرا چی دی خەون**
**نەبینین و**
**چاوەکانمان لە هەموو کەسێك بپۆشین .**
**تف بە ڕووی هەموو ئەو پەپولە و هەنگانەدا بکەین**
**کەشیلەی گوڵانمان بەسەر باڵەکانیان بۆ دەهێنن،**
**چی دی پێشوازی لە باران نەکەین و**
**بۆنی هەناسەی سنەوبەرێك هەڵنەمژین و**
**تارای شەونمی سەر گەڵایەك لانەبەین .**
**سنور بوو بە جوانترین خەڵاتەکانی**
**ئەو شەڕانەی کە گومەزەکان بۆ ئێمە جاڕیاندا.**

**هەولێر - 2004**